**وەزارتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٧٢١٠ لە ٢٠١٩/١٠/١٠**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە:-

## ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩
## ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی جام ڕەش

### پێناسەکان

**ماددەی (١):-**

١- **هەرێم :** هەرێمی کوردستانی عێراق..

٢- **وەزیر :** وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٣- **بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگاکانی هەرێم.

٤- **مۆڵەت:** مۆڵەتی جام ڕەش.

٥- **جام ڕەش:** ئەو جامانەی ئۆتۆمبێل کە لە بنەڕەت لە کۆمپانیا بە ڕێژەی (٣٠٪) و (٥٠٪) ڕەشن.

٦- **جام ڕەش کردن:** ئەو جامانەی ئۆتۆمبێل کە بە لەزگەی تایبەت بە ڕێژەی (٣٠٪) و (٥٠٪) ڕەش دەکرێن .

**ماددەی (٢):-**

مەبەست لەم ڕێنماییە ڕێکخستنی مۆڵەتی جام ڕەشی ئۆتۆمبێلە کە خاوەنەکانیان کەسانی سروشتی یان معنوین بەرامبەر رسوماتێکی کارگێری دیاری کراو .

### مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت

**ماددەی (٣):-**

١- پێشکەش کردنی داواکارییەك لەو بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆیە کە ئۆتۆمبێلەکەی لێ تۆمارکراوە.

٢- پێویستە ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو هەڵگری تابلۆی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بێت.

٣- مۆڵەتی جام ڕەش بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ دەبێت و ساڵانە نوێ دەکرێتەوە.

### مەرجە هونەرییەکان

**ماددەی (٤):-**

١- جامی ڕەشی ئۆتۆمبێل نابێت لە ڕێژەی (٥٠٪) تێپەر بکات.

٢- جامی ڕەش جگە لە جامی پێشەوە دوو جۆر دەبێت.

أ- جامی ڕەش دوو جامی دواوەی شوفێر و جامی پشتەوەی و جامەکانی کورسی سێیەم ئەگەر ئۆتۆمبێلەکە ستێشن بێت.

ب- جام ڕەش کردنی تەواوی جامەکانی ئۆتۆمبێل.

ت- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە کۆمپانیاوە جامەکانی ڕەشن هەمان بڕگەی (أ ، ب)ی سەرەوە بەسەریان جێبەجێ دەکرێت.

٣- جامی ئۆتۆمبێل بە ئامێری تایبەت پشکنینی بۆ دەکرێت بۆ زانینی ڕێژەی تاریکی جام لە بنەرەتەوە دواتر بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم نووسراو دەکەن بۆ شوێنی تایبەت بە جام ڕەش کردن و بەبێ نووسراو هیچ شوێنێك بۆی نیە جامی ئۆتۆمبێل ڕەش بکات.

٤- لە ئامێری سزای ئەلکترونی ئۆتۆمبێل بڕگەی جامی ڕەش زیاد دەکرێت بۆ زانینی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە مۆڵەتی جامی ڕەش یان پەردەیان هەیە.

٥- دوای ڕەشکردنی جام دووبارە بە ئامێری تایبەت پشکنینی بۆ دەکرێت و نابێت لەو ڕێژانەی دیاری کراون لەم ڕێنماییە زیاتربێت .

٦- دوو ستیکەری تایبەت دروست دەکرێت بۆ هەر دوو ڕێژەی (٣٠٪) و (٥٠٪) و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە گشت جامە ڕەشەکانی ئۆتۆمبێل دەدرێت لە دیوی ناوەوە و دەرەوە خوارووی لای ڕاستی دیوی شوفێر و خوارووی لای چەپی دیوی سەرنشین.

٧- جامی شوفێر و تەنیشتی نابێت لە ڕێژەی (٣٠٪) زیاتر ڕەش بکرێت.

٨- جامی پێشەوەی ئۆتۆمبێل نابێت ڕەش بێت یان ڕەش بکرێت.

٩- ماددەی چوارەم لەسەر ئەو ئۆتۆمبێلانە جێبەجێ دەکرێت کە لە بنەڕەت دا کۆمپانیای دروستکەر پەردەیان بۆ دانراوە.

١٠- ڕسوماتی ماددەی پێنجەم بڕگەی (٤،٣) بۆ پەردە وەردەگیرێت کە لە بڕگەی (٨)ی سەرەوە ئاماژەی پێ دراوە.

**ماددەی (٥):-**

**ڕسوماتی کارگێری و سزا داراییەکان:**

**١-** بڕی (٤٠٠,٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڕگەی (٢/أ) لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٣٠٪) ڕەش دەکەن.

٢- بڕی (٦٠٠,٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڕگەی (٢/ب) لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٣٠٪) ڕەش دەکەن.

٣- بڕی (٨٠٠,٠٠٠) هەشت سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڕگەی (٢/أ)لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٥٠٪) ڕەش دەکەن.

٤- بڕی (١,٢٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڕگەی (٢/ب) لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٥٠٪) ڕەش دەکەن.

٥- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە کۆمپانیا جامی پشتەوە و تەنیشتی سەر سندوق ڕەشە بەدەرن لەم ڕێنماییانە.

٦- بـڕی (٢٥,٠٠٠) بیسـت و پێـنج هەزار دینـار ڕۆژانە وەك سـزای دواکەوتـن لە خـاوەنی ئۆتۆمبێـل وەردەگیرێت ئەگەر مۆڵەتی جام ڕەش کردنەوەی نوێ نەکاتەوە.
٧- بڕی (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار وەك رسوماتی کارگێری وەردەگیرێـت لە کـاتی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ پێدانی مۆڵەت جام ڕەش یان نوێ کردنەوەی مۆڵەت.
٨- بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینـار وەك سـزا وەردەگیرێـت لەو ئۆتـۆمبێلانەی کە بەبـێ مـۆڵەت یـان بەپێچەوانەی ئەم ڕێنماییە جامی ئۆتۆمبێلەکەی ڕەش کردبێـت سـەرەڕای دەست بەسـەرداگرتنی ئۆتۆمبێلەکەی بۆ ماوەی (٧) رۆژ و لابردنی جام ڕەشەکان یان سەرپێچییەکان.
٩- بڕی ئەو پارانەی سەرەوە دەخرێتە سەر حسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

**ئەحکامە کۆتاییەکان**

**ماددەی (٦):-**

پێویستە لەسەر گشت مەفرەزەکانی (پۆلیس، هاتووچۆ، ئاسـایش) و مەفـرەزە هاوبەشـەکان دەسـت بەسـەر ئەو ئۆتـۆمبێلانە بگـرن کە بەپێـی ئەم ڕێنمـاییە مۆڵەتیـان وەرنەگرتـووە و ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بکرێت بـۆ وەرگرتنـی ڕێکـاری یاسـایی پێویسـت لە بەرامبەر خاوەن ئۆتۆمبێلەکە.

**ماددەی (٧):-**

ماددەی پێنجەم ئۆتۆمبێلەکانی هەڵگری ئەم جۆرە تابلۆیانە ناگرێتەوە:
١- ئۆتۆمبێلەکانی پرۆتۆکۆلی حکومەت کە هەڵگری تابلۆی پرۆتۆکۆلن.
٢- ئۆتۆمبێلەکانی سەرۆکایەتی هەرێم کە هەڵگری تابلۆی پرۆتۆکۆلن.
٣- ئۆتۆمبێلەکانی کونسولگەرییەکان کە هەلگری تابلۆی دیپلۆماسین.

**ماددەی (٨):-**

**١-** جـامی ڕەش بـۆ ئۆتـۆمبێلی میـری جـگە لەو ئۆتـۆمبێلانەی کە لە مـاددەی حەوتەم دیـاریکراون قەدەغەیە و سەرۆکی فەرمانگە بەرپرسیارە لەم حـالەتە و هەمـان ڕێکارەکـانی مـاددەی شەشـەم بەرامبەریان پەیڕەو دەکرێت.
**٢-** جامی ڕەش تەنها ئۆتۆمبێلەکانی هەڵگری تابلۆی شارستانی دەگرێتەوە.

**ماددەی (٩):-**

ئەو ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچـوونی جێبەجـێ دەکرێـت و لە ڕۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**